# پلاندارِێژیی جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا لە ڕوانگەی سەرپەرەشتیارانی پەروەردەیی (هەولێر بە نموونە)

**ID No. 3321**

(PP 16 - 30)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.4.2

**سعد عبدالرزاق قازی**

بەشی کوردی - کۆلێژی زمان / زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

saad.qazi@su.edu.krd

**وەگـــــرتن : 2019/10/31**

**پەسندکردن : 2020/07/26**

**بڵاوکردنەوە : 2020/11/11**

**پوختە**

چۆنییەتی پێڕاگەیشتن بە جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، پرسیاری ئەم توێژینەوەیەیە. ئەم توێژینەوەیە ویستوویە بزانێ، ئاخۆ گرنگیی پلاندارِێژیی جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا چییە؟ کەموکوورییەکان چین؟ هۆی بەرهەمی هاتنیان چییە؟ چ لایەن و کەسانێک لێی بەرپرسیارن و چاکسازی لە جەستەی زماندا چ بایەخێکی هەیە و بە چ شێوەیەک دەکرێ بە ئەنجام بگات؟ لەو توێژینەوەیەدا، یازدە پرسیار لە چواردە کەس لە سەرپەرەشتیارانی پەروەردەیی، لەبارەی جەستەی زمانی کوردیدا، کراوە. کەواتە، ئەم توێژینەوەیە بە مەبەستی تێگەیشتن لە چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا، ئەنجام دراوە. مەبەست لە جەستەی زمان، دارِشتن، ڕێزمان، ڕێنووس، وشە و خاڵبەندی ناو کتێبە وانەییەکانی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستانە. تیۆری ئەم توێژینەوەیە ئەو ڕا و بۆچوونانەن کە زماناسان لە بارەی پلاندارِێژیی جەستەی زماندا هەیانە. ئەم توێژینەوەیە بە خوێندنەوەی بابەتەکانی پێشوو هەوڵیداوە، داتاکان لێکبداتەوە و وڵامی پرسیاری نامەکە بدۆزێتەوە. ڕێبازی کۆکردنەوەی داتاکان بە شێوەی ڕاپرسی بووە. بۆ لێکدانەوەی داتاکان، سەرەتا داتاکان وەسف کراون و دواتر وێنەیان بۆ داندراوە و دوای ئەو شیکراونەتەوە و بە شێوەی ڕەخنەگرانە لێکدراونەتەوە. لە ئەنجامدا دەرکەوت کە پلاندارِێژیی جەستەی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا لاوازە و پێویستی بە چاکسازی و پێڕاگەیشتنی زیاتر هەیە. ئەم توێژینەوەیە لە پێنج بەش پێکدێت کە بریتین لە پێشەکی، پێداچوونەوە بە خوێندنەوەکانی پێشوو، تیۆر و وەسف و شیکردنەوە و لێکدانەوەی داتاکان. دواتر بە نوسینی ئەنجامی توێژینەوەکە، بابەتەکە کۆتایی پێهاتووە.

**کلیلە وشەکان:** زمان، پلاندارِێژیی زمانی، جەستەی زمانی، سیستەمی پەروەردە، سەرپەرشتیار.

## پێشەکی

ئەو توێژینەوەیەی لە بەر دەستتان دایە بەشێک لە نامەی دکتوراکەمە کە بۆ یەکەم جار بڵاو دەبێتەوە. ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە پلاندارِێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا. تێگەیشتن لە پلاندارِێژیی زمانی و چەندایەتی و چۆنایەتی پلاندارِێژیی جەستەی زمانی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا، خەمی ئەم توێژینەوەیەن. چونکە لای وایە زمان، لە لایەکەوە، یەکێک لە کەرەسەکانی دروستکردنی مەعریفەیە و لەلایتریشەوە، یەکێک لە ستوونەکانی شوناسی نەتەوەییە و وا باشە لە پێناو پاراستن و گەشەکردندا پلانی بۆ دابرِێژرێ. چۆنییەتی پلاندارِێژیی زمانی دەتوانێ کاریگەری بخاتە سەر گەشەی زمان و پەرەی پێبدا، یا بە پێچەوانە لاوازی بکا و تەنانەت بیکوژێت. واتە، چۆنییەتی پلاندارِێژیی زمانی دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی، زمانێک گەشە بکا و دواتر گەشەی کۆمەڵگەشی لە سەر بونیاد بندرێت. ئەم توێژینەوەیە لە چۆنییەتی پلاندارِێژیی جەستەی زمان لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا دەکۆڵێتەوە، کە لقێکە لە سێ لقی سەرەکی پلاندارِێژیی زمانی. پرسیاری ئەو توێژینەوەە ئەوەیە، کە ئاخۆ جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانی سیستەمی پەروەردە چۆنە و پلانەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ جەستەی زمانی کوردی چین و چۆن بەڕێوە دەچن؟ بۆ دۆزینەوەی وڵامی پرسیاری ئەم توێژینەوەە، سەرەتا ئەو تیۆر و نوسراوانەی پەیوەندیان بەو بابەتەوە بووە، تا ڕادەیەکی زۆر خوێندراونەتەوە و تاوتوێ کراون و لێکدراونەتەوە. دواتر ڕای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی، وەک داتای توێژینەوەکە، لەوبارەوە وەرگیراوە، وەسف کراوە و شەرح کراوە و بە شێوەی ڕەخنەگرانە لێکدراوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵیداوە کەموکوورییەکان بدۆزێتەوە و بە پێی توانا پێشنیازی گونجاو بۆ چاکسازی لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا و کاریگەری ئەم چاکسازییە لە سەر بابەتە جۆراوجۆرەکان باس بکات.

**پلاندارِێژیی زمانی(Language Planning)**

ئەم تێگەیە یەکەم جار لە ڕۆژاوادا سەری هەڵداوە و زیاتر لە نیو سەدەیە هاتۆتە ناو بەشە زانستییەکانی زمانناسییەوە. لویس جان کاڵفی (٢٠١٢،ل.١٥١) لە بارەی داهێنانی دەستەواژەی پلاندارِێژیی زمانیدا دەڵێ، یەکەم جار، زمانناسی ئەمریکی، هۆگێن، لە ساڵی ١٩٥٩ ئەم دەستە واژەیەی بەکار هێناوە. ئەوە دەری دەخات کە ئەم دەستە واژەیە و زانیارییەکانی سەر بەم بابەتە نوێن و لە شەست ساڵی ڕابردوودا سەری هەڵداوە و وەک بەشێک لە زمانناسی کۆمەڵایەتی لە پەیوەندی چڕ لە گەڵ سیاسەتی زمانیدا گەشەی کردووە. کاڵفی (هەمان،ل.١٥٢) لای وایە کە سیاسەتی زمانی و پلاندارِێژیی زمانی دوو تێگەی جیاوازن. ئەو دەڵێ، سیاسەتی زمانی بریتییە لە سەرتاپای ئەو ڕێگایانەی کە پەیوەندییەکانی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، بەڵام پلاندارِێژیی زمانی بریتییە لە چۆنییەتی جێبەجێکردنی سیاسەتی زمانی (هەمان). لە بەرامبەردا سپۆڵسکی سیاسەتی زمانی و پلاندارِێژیی زمانی بە یەکەوە بەکار دێنێ و پێی وایە ئامانجی گەورەی ئەم چەمکانە چارەسەری و کێشە و گرفتەکانی زمان لەو کۆمەڵگایانە دایە کە لە دۆخی گەشەکردن دان. گای کووک (٢٠١٠،ل.٨) ڕای وایە کە پلاندارِێژیی زمانی بریتییە لە بڕیاردان لە بارەی پێگەی فەرمی زمانەکان و چۆنییەتی بەکارهێنانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەکو پەروەردە و ڕاهێناندا، کە زۆربەی جاران قانوون پشتیوانی لێدەکات. واتە، بە پێی بۆچوونی ئەو، پلاندارِێژیی زمانی بوارێکە لە نێوان زمانناسی و کۆمەڵناسیدا و لە لای تریشەوە پەیوەندی ڕاستەخۆی لە گەڵ سیاسەتی وڵاتاندا هەیە(سپالسکی،٢٠١٢،ل.٦). ئەم توێژینەوەیە چ ئەو دوو تێگەیە بە جیا بزانێت و بە جیا لێکیان بداتەوە، چ ئەوەی لە بازنەی دەستەواژەیەکی هاوبەشدا توێژینەوەیان لەبارەوە بکا، یەکێک لە ئەرکەکانی وردبوونەوە لە جۆری پلاندارِێژیی جەستەی زمانییە. واتە جیاکردنەوە یا پێکەوە لکاندنی ئەم دوو چەمکە، هیچ شتێک لە گرنگایەتی پلاندارِێژیی جەستەی زمان کەم ناکاتەوە. سەرەڕای ئەوەش، ئەم توێژینەوەیە ڕای وایە کە جیاکردنەوەی ئەم دوو تێگەیە دەبێتە هۆی پۆلێنبەندی و وردبوونەوەی زیاتر لە بارەی وردەکارییەکانی پلاندارِێژیی زمانی.

ئەمیر حەسەنپوور(سمینار،١٩٩٢) لە بارەی پلاندارِێژیی زمانیدا دەڵێت: وەک چۆن پلان بۆ پێش خستنی ئابووری وڵاتێک هەیە، پلاندارِێژیی بۆ زمانیش هەیە. ئەو لای وایە، پلاندارِێژیی زمانی پلانێکە بۆ گەشە پێکردن و بەرەوپێش بردنی زمان. بە ڕای ئەو، پلاندارِێژیی زمانی زانستێکی نوێیە و دارِشتن و بەڕێوە بردنەکەشی، لە پلەی یەکەمدا، دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵات و حکوومەت. هەروەها دەڵێ، بە هۆی وەی پلاندارِێژیی زمانی پەیوەندییەکی قووڵی لە گەڵ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، پێویستە بۆ تێگەیشتنی زیاتر، زانستە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا وەبەرچاوبگیرێ. پێناسەکەی ئەمیر حەسەنپوور هەرچەند پێناسەیەکی بەرگرە، بەڵام پێناسەیەکی گشتگیر نییە. چونکە سەرەنجی نەداوەتە ئەو بەشە لە پلاندارِێژیی زمانی کە هەوڵی پەراوێز خستن و لەناوبردنی زمانێکی تر دەدا. بۆ نموونە پلاندارِێژیی زمانی لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە کوردیان تێدا دەژی بۆ پەراوێز خستنی یا لە ناو بردنی زمانی کوردی بووە.

فیشمەن لەو بارەدا دەڵێ: پلاندارِێژیی زمانی سەرەکیترین بابەتی کۆمەڵناسی زمانە و تەنانەت هەندێک لە لایەنەکانی دەچێتە دەرەوەی سنوورەکانی کۆمەڵناسی زمان (داوری اردەکانی،٢٠١١، ل.٧). واتە ئەویش هەر وەک گای کووک ڕای وایە، کە پلاندارِێژیی زمانی بوارێکی خوێندنەوەیی سەربەخۆ نییە و پەیوەندی چڕی لە گەڵ کۆمەڵناسیدا هەیە. لە ڕووی ئەم دوو پێناسەوە دەکرێت بگوترێ، کە پلاندارِێژیی زمانی بەشێکە لە زانستی زمانەوانی کردەیی و دەکەوێتە ناو چوارچێوەی خوێندنەوەی کۆمەڵناسی زمانەوە.

ڕووبین و جێرنوود (١٩٧١ کە لە نووسینی داوری اردکانی دا ئاماژەی پێکراوە،٢٠١٢،ل.٨) پلاندارِێژیی زمانی بە گۆڕینێکی دەستانقەست دەزانن کە لە سەر نیشانەکانی زمان، چ لە نووسیندا و چ لە ئاخاوتندا، بەڕێوە دەچێت. ئەوان بۆچوونیان وایە کە ئەو دەستێوەردانە لە لایەن ئەو ڕێکخراوانەوە بەڕێوە دەچن، کە بۆ ئەم مەبەستە دروست کراون. لە ڕووی ئەم پێناسەیەوە دەردەکەوێ، کە ئەرکی پلاندارِێژیی زمانی، چارەسەری کێشەکانی سەر بە زمانە و، ئەرکی پلاندارِێژە کە بۆ گەیشتن بە باشترین بڕیار لە بارەی زماندا هەوڵ بدا و، لایەنەکانی چارەسەری کێشەکە هەڵسەنگێنێ. داس گۆپتا (١٩٧٢ کە لە هەمان شوێن ئاماژەی پێکراوە،ل.٩) پێناسەیەکیتری بۆ پلاندارِێژیی زمانی کردووە. ئەو لە بابەتێکدا بە ناونیشانی "بەرەو تیۆری پلاندارِێژیی زمانی"، دەنووسێ: "پلاندارِێژیی زمانی بەکارهێنانی هۆشیارانەی سەرچاوەیلی زمانی بە شێوەیەکی کونترۆڵ کراوە". ئەو لای وایە زمان یەکێک لە سەرمایە و داهاتەکانی هەر نەتەوەیەکە کە دەبێ پلانی بۆ دابندرێ. خاڵی هاوبەش لە نێوان ڕۆبین و داس گۆپتا ئەوەیە، کە هەردووکیان ڕایان وایە، هۆی وەکو ماهییەتی سیستەمی کۆمەڵایەتی، بایەخی فەرهەنگی، نەریتی کۆمەڵگە و ... کاریگەری لە سەر پلاندارِشتنی گشتی هەر

وڵاتێکدا هەیە کە پلاندارێژیی زمانی لقێک لەو پلانانەیە. ئەوان لایان وایە کە لە پلاندارێژیی زمانیدا، زمان سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتییە و خاوەنی بەهایەکی کەرەسەییە و لە لایەکی تریشەوە شوناسی نەتەوەی خاوەن زمانەکەیە.

سەرەڕای ئەو پێناسانە، پێناسەی تریش بۆ پلاندارێژیی زمانی کراون کە دەتوانێ بابەتەکە زیاتر ڕوون بکاتەوە. بۆ نموونە ئیسمیت (١٩٩١، کە لە نووسینی واردافدا ئاماژەی پێکراوە،٢٠١٤،ل.٥٦٨) لای وایە، پلاندارێژیی زمانی کردەوەیەکە لە دەرەوەی زمان و ئەرکی سەرەکیشی چاک کردنی سیستەمی زمانە. سیستەمێک کە جەماوەرێکی زۆر دەوری تێدا دەبینن و گۆڕینیشی کارێکی دژوارە. ئەو ئاماژەی بەوە کردووە، کە ڕەوتەکانی بڕیاردان سەبارەت بە زمان یا پلاندارێژیی زمانی، چەند سەدەیە بە ناوونیشانی جۆراوجۆر بەرێوەدەچێ. بۆ نموونە سەپاندنی زمان (Language imposition)، گەشەی زمان (Language Spread)، و سیاسەتی زمان (Language Policy). بە بڕوای ئەو سەپاندنی زمانی فەرمی یا ئیداری بە سەر خەڵکی وڵاتێکدا کە زمانێکی تریان هەیە، عەقلییەتێکی لە پشتە، کە زیاتر مەبەستی ئابووری و سیاسی هەیە تا مەبەستی زمانی. واتە لە پێناسەکەی ئیسمیتدا بۆمان دەردەکەوێ کە لەوانەیە، ئاکامی پلاندارێژیی زمانی لە باری ئابووری و سیاسییەوە، لە گەڵ مەبەستەکانی زماناسی یەک نەگرێتەوە. ئیسمیت چۆنییەتی قبووڵ کردنی زمانە داسەپاوەکە و بەکارهێنانی بەردەوامی زمانەکە و هەروەها، گرنگی و بەهای فێربوونی زمانەکە، بە مەبەست و لێکەوتەکانی ئەم ڕەوتە لە ناو کۆمەڵگە زمانییەکە دەبەستێتەوە. وەک زمانەکانی لاتین و یۆنانی و عەرەبی و فارسی و تەنانەت تورکی، کە هەر یەکە و بە جۆرێک خۆیان بە سەر کۆمەڵگا زمانییەکانیتردا سەپاندووە. ئەو خۆسەپاندنە لەوانەیە لێکەوتەی سیاسی و ئابوورییەکەی بە دڵی خاوەنی زمانە داسەپاوەکە بێ، بەڵام لە ڕوانگەی ئەو زمانەی کە کەوتۆتە بەر کاریگەری ئەو زمانانە، بۆ نموونە کوردی، زیانی سیاسی و ئابووری بەرهەم هێناوە و لە ڕوانگەی زماناسیشەوە بۆتە هۆی لاواز بوونی زمانە ژێر دەستەکان.

ڕابرت فیلیپسێن پێی وایە، ئەرکی پلاندارێژیی زمانی لە کۆنەوە ئەوەیە، کە شارەزایانی زمان و خەلکی تریش، چارەسەری کێشەکانی جەستەی زمان بکەن. بەتایبەتی لەو هەلومەرجانەدا کە پێویستی بە موهەندیسی کردنی زمان هەبێ. بۆ ئەوەی زمانەکە لە ناو نەچێ، یا پەرەی پێبدرێ. ئەو دەڵێ لە سەروبەندی ئیستادا، پلاندارێژیی زمانی هەوڵ دەدا بپەرژێتە سەر بابەتگەلی فراوانتری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی (فیلیپسێن،٢٠١٦،ل.١٢١ و ١٢٢). ڕای فیلیپسێن نیشان دەدات کە حکوومەت ناتوانێ لە بارەی پلاندارێژیی زمانیدا بێ لایەن بێ. واتە حکوومەت چ بۆ مەبەستی سیاسی و چ بۆ مەبەستی ئابووری کۆمەڵایەتی دەبێ لە بارەی زماندا پلانی هەبێ. بەشێک لەو پلانانە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکانی سیستەمی پەروەردە دەگرێتەوە کە حکوومەت لە ڕێگەی جۆراوجۆر و بە مەبەستی جۆراوجۆر، دەتوانێ پلانی جۆراوجۆری بۆ دابڕێژێ.

ئیسمیت (١٩٩١، کە لە نووسینی داوری اردکانی ئاماژەی پێکراوە،٢٠١١،ل.١٠) ڕای وایە کە لە نێوان پلاندارێژیی زمانی و گەشەی کۆمەڵایەتیدا پەیوەندییەکی قووڵ هەیە. ئەو لێدوانەی ئیسمیت بە شێوەی ڕۆبین و گوپتا کە لە سەرەوە باسمان کردن، بابەتی پلاندارێژیی زمانی لە گەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکان گرێ دەدات، بەو جیاوازییەی کە ئیسمیت بەرامبەر پلاندارێژیی زمانی، زیاتر سەرنجی زماناسانەی هەیە تا سەرنجی سیاسی و ئابووری.

مارک پاین (کە لە نووسینی داوری اردەکانی ئاماژەی پێکراوە،٢٠١١،ل.٥١) لای وایە پێناسەکەی جاشوا فیشمەن گونجاوترین پێناسەیە. ئەو لەو بارەیەدا دەڵێ: پلاندارێژیی زمانی هەوڵ و ورد بوونەوەیەکی دەسانقەست و مکوڕە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەکی گونجاو بۆ کێشەکانی سەر بە زمان لە ئاستی نەتەوەییدا. گرنگی ئەو پێناسەیە لەوە دایە کە چارەسەری کێشەکانی سەر بە زمان بە ئەرکی سەرەکی پلاندارێژیی زمانی دەزانێت. بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی فیشمەن، کووپر لای وایە کە پلاندارێژیی زمانی هەوڵی لایەنێکە بۆ ئەوەی ڕەفتاری زمانی لایەنێکیتر بخاتە ژێر کاریگەری خۆی، نەک ئەوەی تەقەلایەک بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان. ئەو لای وایە، پلاندارێژیی زمانی تەنیا ئەو شتە نییە، کە لە پانتای وڵاتێک یا نەتەوەیەکدا ئەنجام دەدرێ، بەڵکو پێی وایە کە پلاندارێژیی زمانی لە گۆمەڵگای بچووکتریشدا ئەنجام دەدرێت. وەکو قوتابخانە، پۆلی خوێندن و گەرەک و شەقام. لەو ڕوانگەیەوە، پلاندارێژیی زمانی ئەو چالاکییانەش دەگرێتەوە کە سەرپەرەستی خانەوادەکان لە ماڵەوە ڕەچاوی دەکەن. هەر بۆیەشە کە کووپر بڕیارەکانی سەرپەرەستی ماڵباتەکان بە گرنگ وەسف دەکا و لای وایە کە ئەوە سیاسەتی زمانی بنەماڵەکانە کە دەبێتە هۆی مانەوە یا لە نێو چوونی زمانەکان (هەمان،ل.١١). بۆچوونەکەی کووپر دەمانگەیێنێ بەو ئەنجامەی، کە چالاکییەکانی سەر بە پلاندارێژیی زمانی، هەم دەتوانێ لە سەرەوە بەرەو خوار بەڕێوە بچێت و هەم دەتوانی لە خوارەوە بەرەو سەرەوە بڕوات. لە بەراورد کردنی ئەو ڕایەی کووپر لە گەڵ کاریگەری جۆری پلاندارێژیی زمانی بنەماڵەکان، دەگەینە ئەنجامگەلێکی سەرنج ڕاکێش. بۆ نموونە، دەتوانین بڵێین کە بە پێی وەی باشووری کوردستان کۆمەڵگەیەکی نەریتییە و، بنەماڵەکان لە چۆنییەتی پەروەردەی مناڵاندا دەورێکی کاریگەریان هەیە، بنەماڵە دەتوانێ دەورێکی کاریگەر لە پلاندارێژیی زمانی کوردیدا بگێرێ. بە پێی بەدواداچوونی نووسەری ئەم توێژینەوەیە، ئێستا لە

باشووری کوردستان، زۆربەی بنەماڵەکان هەوڵ دەدەن مناڵەکانیان لە قوتابخانە ئینگلیزییەکاندا ناونووسی بکەن. واتە دەکرێت جۆری پلاندارێژیی زمانی بنەماڵەکان بە گرنگ وەسف بکرێ. نموونەی دەرخەری ئەو ڕاستییە ئەوەیە کە کاتێک لە بەڕێوەبەرانی سیستەمی پەروەردەی باشووری کوردستان دەپرسن کە بۆچی وەزارەتی پەروەردە وانەکانی بیرکاری و زانستییان لە خوێندنی سەرەتاییدا کردووە بە ئینگلیزی، لە وڵامدا وتەبێژی وەزارەتی پەروەردە دەڵێ لەو ساڵانەی دواییدا، دایکان و باوکان خوازیارن کە مناڵەکانیان فێری زمانی دوویەم بن و بە زمانی ئینگلیزی بخوێنن و لەو پێناوەشدا هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن. بۆیە بنەماڵەکان دەورێکی گرنگیان لە چۆنیەتی پلاندارێژیی زمانی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە (سامان سوهەیلی، ڕادیۆ ڕووداو، ٢٠١٧/٥/٢).

کووپر هەشت بابەت و لایەن لە سەر چالاکی پلاندارێژیی زمانی بە کاریگەر دەزانێت: سەرپەرشتیارانی زمان، گیر و گرفتەکانی زمان، بەردەنگەکانی پلاندارێژیی زمانی، مەبەستەکانی پلاندارێژیی زمانی، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی شوێنی پلاندارێژیی زمانی، ڕێگەچارەکانی چارەسەری کێشە و گرفتەکانی زمان، کەرەسەکانی چارەسەرکردنی کێشەکان و گرفتەکان و ئاکامی چارەسەرییەکان (داوری اردکانی،٢٠١١، ل.٩). مارک پاین (کە لە نووسینی داوری اردکانی ئاماژەی پێکراوە،٢٠١١،ل.٥٢) ئەو پێناسەی فیشمەن بۆ پلاندارێژیی زمانی بە گونجاو دەزانێت کە دەڵێت: پلاندارێژیی زمانی بە دواداچوونێکی دەسانقەستە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی زمان لە ئاستی نەتەوەییدا. ئەم پێناسەیە یەکێکە لە پێناسە هەڵبژێردراوەکانی کووپر کە هەر دوو لایەنی پێگە و جەستەی زمانی دەگرێتەوە. مارک پاین، لەو وتارەدا، ئاماژە بە ڕای کاپلان و باڵداف دەکات و دەڵێ: پلانی زمانی کردەوەیەکە کە بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری زمانی، کە لە لایەن حکوومەتەوە بەڕێوە دەچێت (هەمان،ل.٥٨).

سەلام ناوخۆش (٢٠١٠،ل.٥١) لە پێناسەی ئەو چەمکەدا دەڵێت: پلانی زمانی هەوڵێکی سیاسی دروستە کە لە ئاکامی هەبوونی ڕەوشتێکی سیاسی ــ کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و هەوڵ دەدات ڕەوشتی زمان لە وڵاتدا بگۆڕێ. لەو پێناسەیەدا، سەلام ناوخۆش دروست بوون دەکاتە مەرجێک بۆ پێناسەی پلاندارێژیی زمانی. کەچی ئەم توێژینەوەیە پێی وایە، پێویست بە بەها بەخشین ناکات و دروستی یا نادروستی، بۆ پێناسە کردنی پلاندارێژیی زمانی مەرجێکی گونجاو نییە. چونکە بۆ نموونە، دەکرێت پلاندارێژیی زمانی هەبێ، بەڵام مافی زمانی گەلانی جیاوازی وڵاتەکەی تێدا وەبەر چاو نەگیرابێ. تەنانەت دەتوانێ هەوڵێکی سیاسیش نەبێ.

ئەم توێژینەوەیە، بە پشت بەستن بە ڕای زانایانی بواری پلاندارێژیی زمانی، بەو شێوەیە پێناسەی پلاندارێژیی زمانی دەکا: "پلاندارێژیی زمانی بابەتێکی نێوان ڕشتەییە کە پێیەکی لە ناو بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و پێیەکی لە ناو زمانناسی دایە و بەو هەوڵە دەسانقەستانە دەگوترێ، کە لە ژێر کاریگەری سیاسەتی زمانیدا، بە مەبەستی سیاسی، ئابووری، زمانی یا فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدرێن و کاریگەری لە سەر پێگە، جەستە و فێرکاریی زمان و شێوەزمانی تاک، کرووپە کۆمەڵایەتییەکان، نەتەوە و خەڵکی وڵاتێک دادەنێن.

**لقەکانی پلاندارێژیی زمانی**

بواری چالاکییەکانی پلاندارێژیی زمانی بەسەر سێ لقدا دابەش دەکرێ. ١. پلاندارێژیی پێگە، ٢. پلاندارێژیی جەستە و ٣. پلاندارێژیی فێرکاریی زمان. بە هۆی ئەوەی ئەم توێژینەوەیە دەیەوێ باس لە پلاندارێژیی جەستەی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بکا، زیاتر لەم بابەتە ورد دەبێتەوە.

پلاندارێژیی جەستەی زمانی(Corpus planning)

مەبەست لە پلاندارێژیی جەستەی زمانی، کارکردن لە سەر ماکی زمانە کە لە ئاستەکانی دەنگ، وشە، وشەسازی، ڕستە، رستەسازی و گوتاردا خۆی دەردەخا. لەم ڕووبەرەوە، پلاندارێژیی جەستەی زمان بریتییە لە داڕشتنی گەڵاڵە بۆ ئەو ماکانەی زمان کە لە سەرەوە باسیان کرا (داوری اردکانی،٢٠١١،ل.١١). داوەری ئەردەکانی ڕەوتی پلاندارێژیی جەستە بەو شێوەیە دابەشدەکات: کۆددانان(Codification)، پێوانەسازی یا بە ستانداردکردن(Standardization)، نوێسازی(Modernization)، نەتەوەسازی، ناوچەیی کردن (Nativization , Localization) و پاڵاوتن(Purification) (هەمان، ل.١٢).

کۆددانان لە سەرەتادا بە واتای دانانی خەت بۆ زمانێکە کە ڕێنووسی بۆ دانەندراوە و دواتر هەموو ئەو چاکسازیانەش دەگرێتەوە کە لە ڕێنووسی زمانێکدا دەکرێ. پێوەرسازی یا ستاندارد سازی، بریتییە لە هەڵبژاردن، پەرەپێدان، بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی ئەو شێوازانەی کە پێشتر کۆدی بۆداندراوە. نوێسازی، چالاککردنی زمانە بۆ پێداویستییەکانی ڕۆژانەی زمان کە لایەنی ڕێنووس و وشە دۆزینەوە و وشەسازی و ڕیزمان و جوانسازی و سادەسازی دەگرێتەوە. سادەسازی ڕێکخستنی نیشانەکانی دەنگ و ڕێنووس بۆ بەکارهێنانی ئابووریانە لە بوارەجۆراوجۆرەکانی وەکو کامپیۆتێر، بە مەبەستی هاسانکردنەوە و بەکارهێنانی گونجاوترە لە زماندا. پاڵاوتنی زمانیش تێگەیەکە کە باس لە لادانی ماکەکانی ناپێویست و ناشیرینی زمان دەکا، کە بە مەبەستی پاڵاوتنی زمان ئەنجام

دەدرێ (هەمان،ل.١٥). پلاندارێژیی جەستەی زمان پەیوەندییەکی قووڵی لە گەڵ پلاندارێژیی پێگەی زماندا هەیە چۆنکە بەهادان و خزمەتکردن بە جەستەی هەر زمانێک دەبێتە هۆی ئەوەی پێگەی زمانەکە بەرز ببێتەوە.

پلاندارێژیی جەستەی زمانی لە نێوان زمانە جیاوازەکاندا، بە هۆی جیاوازی بارودۆخی زمانەکان لە گەڵ یەکتر، جیاوازە. چۆنکە هەر زمانە و قۆناخێک لە ڕەوتی بەستانداردبوون تێپەر دەکا. بۆ نموونە، ڕێنووس بەشێکە لە پلاندارێژیی جەستەی زمانی. زمانی وایە تا ئێستاش هەر زارەکییە و کاری خەتسازی لە سەر نەکراوە و لە بەرامبەردا زۆر زمان هەن کە ئەو قۆناخەیەن تێپەڕاندووە. ئەو سەرنجە لایەنەکانی دیکەی جەستەی زمانیش دەگرێتەوە. جاروایە تۆمارکردن بۆ زمانێک بریتییە لە خەتسازی کە چی بۆ زمانێکی تر فەرهەنگ نووسین و داڕشتنی ڕێزمان مەبەستی سەرەکییە. بۆ وێنە خەریک بوون بە لایەنی وشەسازی و رستەسازی و گوتارەوە لە زمانێکدا، نیشان دەدا، کە ئەو زمانە لە قۆناخێکی بەرزتری پلاندارێژیی زمانی دایە. جگە لەوانەش، فێرگۆسێن (کە لە نووسینی داوری اردکانی و جلیلیان ئاماژەی پێکراوە،٢٠١٣،ل.٢٠) پێی وایە کە پلاندارێژیی جەستە بریتییە لە ١. خەتسازی، واتە، بە نووسراوە کردنی زمانی ئاخاڤتن، ٢. پێوانەسازی، کە دەکاتە دروستکردنی شێوەیەکی باو لە دەرەوەی شێوەزارەکانی کۆمەڵایەتی و ناوچەیی و ٣. مودێرن سازی، کە بریتییە لە خواستنەوەی زاراوەی باشتر و هێنانی کۆمەڵێک ناوونیشان، بابەت و شێوەکانی گوتار کە بتوانی وەریانگێری بۆ زمانێکی تر و پێشاندەری کۆمەڵگای پیشەیی، گۆڕاو و تازەباو بن. ئەوانە کۆمەڵیک ئەرکن کە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان دەتوانێت بە مەبەستی چاکسازی لە جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکاندا سوودی لێ ببینێت.

ویلیام سامارین وەسفی وردەکارییەکانی جەستەی زمان بە شتێکی گرنگ وەسف دەکا. واتە گەران بە دوای ئەو شتانەی کە زمان لەوان پێک هاتووە بە گرنگ دەزانێت (٢٠٠٨،ل.٦٩). گرنگی ئەو بابەتە نیشان دەدا، کە پلاندارێژیی جەستەی زمانی، لایەنەکانی سەر بە دەنگ و بڕگە و وشە و هەتا دوایی دەگرێتەوە و ئەو پلانانە لە خۆی دەگرێ کە پەرە بە وەسف و شیکردنەوەی جەستەی زمان دەدەن. کووپر(١٩٨٩) لای وایە کە پلاندارێژیی پێگە دەکەوێتە بەر کاریگەری جەستەی زمانەوە، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە زمانێک یا شێوەزارێک هەڵدەبژێردرێ بۆ ئەوەی دەوری زمانێکی نێوبژیوان ببینێ. ئەو جۆرەکانی پلاندارێژیی جەستە بەو شێوەیە دەسنیشان دەکا: خەتسازی، پێوانەسازی و مودێرن سازی و نوێسازی. ڕای ئیسمیت لە بارەی ئەرکی  پلاندارێژیی جەستەدا لە گەڵ ئی کووپر جیاوازە. ئەو ڕای وایە کە پلاندارێژی جەستەی زمانی ئەو هەوڵانە دەگرێتەوە کە دەبێتە هۆی گۆڕینی جۆری جەستەی زمانێک، یانی ئەو هەوڵانەی کە لە پێکهاتەی زماندا (دەنگ، بڕگە، وشە، ڕستە و واتا) ئاڵ و گۆڕ پێک دێنن. هەروەها، لای وایە کە زۆرترین چالاکییەکانی پلاندارێژیی زمانی لە بواری جەستەی زماندا بووە و لە سەر ئەو ئەساسە ڕەوتی پلاندارێژیی جەستە بەو جۆرە شی دەکاتەوە: تۆمارکردن، خەتسازی، داڕشتنی وشە، گۆڕینی خەت ( داوری اردکانی، ٢٠١٢،ل.٢٣).

بە پێی ئەم پێناسانەی بۆ ئەم تێگەیە کران، پلاندارێژیی جەستەی زمانی لقێکە لە لقە سەرەکییەکانی پلاندارێژیی زمانی و بەو هەوڵە دەستانقەستانە دەگوترێ کە تاک و بنەماڵە و قوتابخانە و گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و لە سەرووی هەموانەوە دەسەڵات بۆ کاریگەری دانان لە سەر جەستەی زمان ئەنجامی دەدەن. گرنگی ئەو بابەتە لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردسدتان پەیوەندی بە چۆنییەتی جەستەی زمان و پلاندارێژیی زمانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. فەرهاد شاکەلی لە بارەی گرنگی ئاوردانەوە لە پلاندارێژیی جەستەی زمانی کوردیدا دەڵێ:" ئەمرۆ لە کوردستاندا یەک تاکە کتێب، یەک تاکە گۆڤار، یەک تاکە ڕۆژنامە و حەفتەنامە مانگنامە و وەرزنامە نییە کە بە کوردییەکی ڕاست و بە ڕێنووسێکی راست نووسرابێ (شاکەلی،٢٠١١،ل.٩). ئەوە بەشێکە لەو نیگەرانیانەی کە زمانناسان و نووسەرانی تریش باسیان کردووە. ئەم توێژینەوەیە، هەوڵ دەدا لە ڕووی ئەم تیۆرانەی باسیان کرا، باس لە چۆنییەتی پلاندارێژیی جەستەی زمان لە ڕوانگەی ڕای چاردە کەس لە سەرپەرەشتیاران پەروەردەیی سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستان بکا.

ڕێبازی توێژینەوەکە

شوێنی کۆکردنەوی داتای ئەم توێژینەوەیە شاری هەولێر بووە. پایتەختی وڵاتان یەکێک لەو شوێنانەیە کە دەتوانرێت زۆرترین زانیاری لە بارەی پلاندارێژیی زمانی تێدا کۆوە بکرێت. بە پێی ئەوەی بواری ئەم توێژینەوەیە جەستەی زمان لە سیستەمی پەروەردەدا بووە، هەوڵی داوە ڕاپرسی لە گەڵ کەسانێک بکا کە پەیوەندییەکی زۆریان لە گەڵ ئەم بابەتەدا هەیە. سەرپەرەشتیارانی پەروەردەیی لە بارەی زماندا زانیاریان زۆرە. چونکە ڕۆژانە ڕای بەڕێوەبەر و قوتابی و مامۆستا و دایکوباوکیان لەو بارەیەوە پێدەگات و ئاگایان لە ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە لەو بارەیەوە هەیە. واتە پردێکن لە نێوان قوتابخانە و وەزارەتی پەروەردەدا. بۆیە ئەم توێژینەوەیە ڕاپرسی لە گەڵ کردوون و ڕای ئەوانی لە بارەی جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەی هەرێمی کوردستاندا پرسیوە و بەم جۆرە داتای پێویستی بۆ توێژینەوەکە کۆکردۆتەوە. دواتر داتاکانی وەسف کردوون، وێنەی بۆ دروست کردوون و بەو شێوەیە لە شێوازی چەندایەتی سوودی وەرگرتووە، بە جۆرێک کە بە یارمەتی ڕەقەم و بژاردن و وێنەکان، داتاکانی شیکردۆتەوە. لە

درێژەدا، بە پشت بەستن بە زانیاری و تیۆری سەر بە بابەتەکە لە چۆنایەتی داتاکان ورد بۆتەوە بە شێوەی ڕەخنەگرانە لێکی داونەتەوە.


وەسف و لێکدانەوەی ڕای سەرپەرەشتیارانی پەروەردەیی

سەرپەرەشتیارانی پەروەردەیی بەشێکن لە سیستەمی پەروەردە کە چاوەدێری کۆی پلانی پەروەردە لە قوتابخانەکاندا دەکەن. ئەوان ڕاسپێردراون کە لە چۆنییەتی بەرێوەچوونی قانوونەکانی وەزارەتی پەروەردە بکۆڵنەوە و کەم و کووڕی پلانی زانستی و زمانی و فێرکاری دەست نیشان بکەن و بۆ سەرووی خۆیانی بگوازنەوە. واتە پردێکن لە نێوان قوتابخانە و وەزارەتی پەروەردەدا. ڕای وان لەو ڕوویەوە گرنگە کە کۆی ڕەخنە و پێشنیارەکان دەچێتە لای ئەوان و لە ڕێگەی ئەوانەوە دەگوازرێتەوە وەزارەت. بۆیە ڕای ئەوان چ وەک تێگەیشتن لە بارودۆخی زمانی کوردی و چ وەک چۆنییەتی بەشداری لایەنەکانی پەیوەندیدار و چ وەک ئەو کارانەی کە بۆ کاریگەری خستنە سەر زمانی کوردی لە پەروەردەدا ئەنجام دەدرێن، جێگەی سەرنجە.

ئەم توێژینەوەیە لای وایە، ڕای سەرپەرەشتیارانی پەروەردەیی دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی باشتر لە پلاندارێژی و سیاسەتی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا ورد بێتەوە و لێکدانەوەی ڕای ئەوان ڕێگە خۆشکەرە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە چونییەتی ڕەوتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا. چونکە ڕای مامۆستایان و دایکان و باوکان و مودیری قوتابخانە دەگاتە دەستی سەرپەرەشتیاران و دەبێ ئەوان ڕاپۆرتی لە سەر بنووسن و بەرزی بکەنەوە. لە لای تریشەوە، لە لایەن وەزارەتی پەروەردەوە ڕادەسپێردرێن، کە پلانەکانی ئەوان لە سیستەمی پەروەردەدا کونترۆڵ بکەن. هەر ئەوەشە کە وای کردووە کووپڕ ڕای سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی لە سەر پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بە کاریگەر بزانێ (داوری اردکانی، ٢٠١١، ل.٩). ئەو توێژینەوەیە لە بەشی یەکەمدا، هەوڵ دەدا بە دیاری کردنی ڕێژەی وڵامەکان و لێکدانەوەیان، چەندایەتی بابەتەکە باس بکا و دواتر بە لێکدانەوەی هۆی وڵامەکان، چۆنییەتی بابەتەکە نیشان بدا. بۆ ئەو مەبەستە ڕای ئەو چاردە سەرپەرەشتیارە وەسف دەکا و لێکی دەداتەوە.

وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یەکەم

پرسیاری یەکەم دەپرسێت کە ئاخۆ سەرپەرشتیار، زمانی کوردی کتێبەکانی خوێندنی پێ چۆنە. چوار بژاردە بۆ وڵام دانەوە دیاری کراوە کە بریتین لە خراپ، ناوەند، باش و زۆر باش. ڕێژەی وڵامەکان بەو شێوەیەیە.٧١٪ ناوەند، ١٥٪ خراپ، ٧٪ باش و ٧٪ زۆر باش.




ئەو ڕێژەیە دەمانگەیێنێ بەو ئەنجامەی کە هەرچەند جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان، بە جۆرێکە کە توانای ڕاپەڕاندنی کاری پەروەردەیی هەیە، بەڵام کێشەی هەیە و بژاردەی باش و زۆرباش ڕێژەیەکی زۆر کەمیان تۆمار کردووە. ئەوە نیشان دەدا کە وەزارەتی پەروەدە بەرامبەر بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان کەمتەر خەمە و ئەگەر ئاوڕ لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نەداتەوە، لەوانەیە پێگەی ئەو زمانە لای سەرپەرەشتیاران لاواز بکات و کۆی زمانی کوردی بخاتە ژێر کاریگەری خۆی. هەروەها، لە ڕووی ئەو ڕێژەیەوە دەردەکەوێ کە ئەگەر سیستەمی پەروەردە ئاوڕ لە زمانی کوردی بداتەوە، پێگەی زمانی کوردی لای سەرپەرشتیاران بەرز دەبێتەوە و، ڕای ئەوان لە بارەی چۆنییەتی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا بەرەو ئاستێکی باشتر دەچێ.

ورد بوونەوە لە هۆی سەرپەرشتیاران بۆ وڵامی پرسیاری یەکەم، لە چەند بەشێکدا پۆلێن دەکەین، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم پۆلێنەوە، باشتر لە چۆنییەتی بارودۆخی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا ورد بینەوە.

**یەکەم**، نوێ بوونەوە. ئەو خاڵە کاریگەری لە سەر پێگەی زمان هەیە. بە ڕای سەرپەرەشتیاران کتێبە وانەییەکان پێویستیان بە نوێ بوونەوەی بەردەوام هەیە. بۆ ئەوەی هەم لە باری ناوەرۆک و هەم لە باری زمانەوە، چاکسازی تێدا بکرێ و هەم لە باری

ناوەرۆکەوە لە گەڵ زانستە نوێیەکانی سەردەمر خۆی ڕێک بخا. خودی ئەمر تێبینییە نیشان دەدا کە نوێ کردنەوە لە کتێبە وانەییەکاندا لە ئاستێکی گونجاودا نییە و پێویستە وەزارەتی پەروەردە بۆ نوێکردنەوەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان پلانی هەبێ. بۆ ئەوەی جەستەی زمانەکە نوێ بکرێتەوە و لە ئاکامدا کاریگەری لە سەر لایەنی پەروەردە و فێرکاری و هەروەها بەرزکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی دابنێ. چونکە ئەگەر جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ئەمر ئال و گۆڕانەیان بەسەر دابێ و هەڵگری باری زانستی بابەتەکانی ڕۆژ لە ناو قوتابخانەکاندا بن، ئەمە وا دەکا کە زمانی کوردی باشتر پەرە بستێنێ و یارمەتی کورد و زمانەکەی لە هەموو بوار و بەشەکانی کوردستاندا بدا.


**دوویەمر**، ستاندارد کردنی زمان و بەکار هێنانی وشەی گونجاوە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە جەستەی زمانەوە هەیە. بە بڕوای ئەو نامەیە ستاندارد سازی ڕەوتێکە کە نابڕێتەوە و پێویستە بۆ ڕاوەستاوی و گەشەی هەر زمانێک، بەردەوامر کاری لە سەر بکرێ. ستاندارد سازی لایەنی ڕێزمان، ڕێنووس، وشە و دارشتن دەگرێتەوە. بەشێک لەو بابەتەی کە سەرپەرەشتیاران ئاماژەیان پێداوە، نیشان دەدا کە ئەوان سەرەنجیان زیاتر لە سەر وشەیە. ئەوان ئاماژەیان بەوە داوە کە وشەکان بە پێی ژینگەی قوتابی دابندرێن. ئەوە خاڵێکی گرنگە کە سەرنجی ئەمر توێژینەوەیەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و زەروورەتی ئاوردانەوە لە وشە دەکارکراوەکانی ناو کتێبە وانەییەکان، بۆ ئەمر توێژینەوەیە دەردەخات. بوونی هەڵە لە زماندا بابەتێکی ترە کە سەرپەرەشتیاران ئاماژەیان پێداوە. ئەو تێبینییە لێرەشدا ئەوە دەسەلمێنێ کە کتێبە وانەییەکان، لە باری جەستەوە کە لقێکە لە لقە سەرەکییەکانی پلاندارێژی زمانی و پێویستیان بە پێداچوونەوەی بەردەوام و ڕۆژانە هەیە.

**سێیەمر**، ئاماژەی سەرپەرەشتیاران بە چۆنییەتی بەکارهێنانی شێوەزارە جیاوازەکانە. ئەوەی ئەوان ئاماژەیان پێداوە، نیشان دەدا کە تێکەڵ کردنی شێوەزارەکانی زمانی کوردی یارمەتی پرۆسەی پەروەردەیی نادا. دیارە هۆیەکەشی ئەوەیە کە قوتابیان شارەزاییان بە سەر شێوەزارە جیاوازەکاندا نییە. ئەوەش ئەرکی زمان لە کاری پەرورده و ڕاهێناندا لاواز دەکا. ئەوە بابەتێکە کە دوو لایەنی هەیە. ئەگەر مەبەستی سیستەمی پەروەردە ڕێکخستن و نزیک کردنەوەی شێوەزارە جیاوازەکان بێ، ئەوە سیاسەتێکی دروستە. بەڵامر ئەگەر مەبەستی پەروەردە زمان نەبێ، بەڵکو ڕاهێنانی زیاتری قوتابی لە سەر بابەتەکان بێ، پێویستە گونجاوترین زمان بۆ ئەمر مەبەستە بەکار بێنێ.

**چوارەمر**، یەکدەست نەبوونی ئەمر بڕیارانەیە کە سەبارەت بە پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردە دەردەچێ. ڕای جیاواز لەبارەی جەستەی زمان لە سیستەمی پەروەردەدا، بابەتێکە کە سەر لە قوتابی دەشێوێنێ و سیستەمی پەروەردە تووشی پاشاگەردانی دەکا. لە ئاکامدا کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر پێگەی زمانی کوردی و پرۆسەی پەروەردە وەدوا دەخا. واتە تەدبیقی ڕای جیاواز لە سەر جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا، جۆرێک سەرلێشێواوی بەرهەمر دێنێ، کە قوربانییەکەی قوتابی و دواتر ئەو کۆمەڵگایەیە کە قەرارە لە ڕێگەی زمانەوە پەروەردە بکرێ و پێبگا. لە لێکدانەوەی پرسیاری دوویەمدا، زیاتر لە لقەکانی پلاندارێژی زمانی، لە ڕوانگەی سەرپەرەشتیارانەوە، ورد دەبینەوە.

وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دوویەمر

پرسیاری دوویەمر دەیەوێت بزانێ داخوا سەرپەرشتیاران لە لایەن وەزارەتەوە، هیچ ڕێنماییەکیان لە بارەی زمانی کوردییەوە پێدەگا. مەبەستی ئەو پرسیارە دۆزینەوەی ڕادەی هەستیاری وەزارەتی پەروەردە بەرامبەر جەستەی زمانی کوردییە. چۆنکە بەشێک لە ڕێنماییەکان دەتوانێ پەیوەندی بە جەستەی زمانەوە هەبێ. بۆ وڵامدانەوە بەو پرسیارە دوو وڵامی بەڵێ و نەخێر دیاری کراوە. ڕێژەی وڵامەکان بەو شێوەیەیە. ٥٠٪ بە بەڵێ و ٥٠٪ بە نەخێر وڵامیان داوەتەوە.





ڕێژەی وڵامی ئەمر پرسیارە لاوازی سیستەمی پەروەردە لە دەرکردنی ڕێنمایی پێویست بۆ زمانی کوردی نیشان دەدات. چونکە یەکێک لە ئەرکەکانی سەرپەرەشتیاران ئەوەیە کە لێکۆڵینەوە لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا بکەن. بۆ ئەو

مەبەستە ڕای مامۆستایان و قوتابیان و دایکان و باوکان و بەڕێوەبەرانی پەروەردە وەربگرن و بۆ سەرووی خۆیان واتە بۆ وەزارەتی پەروەردەی بگوازنەوە. دواتر وەزارەتی پەروەردە لە ڕێگەی سەرپەرەشتیارانەوە ڕێنمایی پێویست بۆ قوتابخانەکان دەربکا و جێبەجێ بکرێ و سەرپەرەشتیاران هەوڵ بدەن لە جێبەجێبوونەکەی دڵنیا ببنەوە. بۆ ئەوەی بەو شێوەیە پلانەکانی زمانی وەزارەتی پەروەردە بە شێوەی ڕێکوپێک جێبەجێ بکرێ. ئەو ڕێژەیە کە کەم بوونی ڕادەی ڕێنماییەکان ئەم توێژینەوەیە دەگەیێنێ بەو ئەنجامە کە یەکەم، وەزارەتی پەروەردە بەرامبەر جەستەی زمانی کوردی کەمتەرخەمە و ئەوەندەش کە خەمی لێدەخۆرێ، کەمتر دەگاتە دەست سەرپەرەشتیاران بۆ ئەوەی ئەوەی لە قوتابخانەکاندا جێبەجێ بکرێ. بۆیە پێی وایە، پێویستە سیستەمی پەروەردە پێداچوونەوە بە جۆر و ڕادەی ڕێناماییەکان و هەروا چۆنییەتی جێبەجێکردنی وان لە قوتابخانەکاندا بکا. پرسیاری سێیەم لە چۆنییەتی ئەو ڕێنماییانە دەکۆڵێتەوە کە بە سەرپەرەشتیاران دەگا.

وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری سێیەم

پرسیاری سێیەم دەیەوێ بزانێ، ئاخۆ سەرپەرەستیاران بە چ ڕێژەیەک لە ڕێنماییەکانی پەروەردە بەرامبەر بە جەستەی زمان ڕازین. لە وڵامی ئەم پرسیارەدا، ١٠٠٪ مامۆستایان وڵامی کەمیان هەڵبژاردووە و هۆیەکەشی بۆ نەبوونی ڕێنمایی بە شێوەی پێویست و ناشارەزایی و لێنەهاتوویی ئەو کەسانە دەگەڕێننەوە کە ئەو ئەرکەیان پێئەسپێردراوە.





لە وڵامی ئەو پرسیارە دەردەکەوێ، کە لە دەرەوەی چۆنییەتی جێبەکردنی ڕێنماییەکان، سەرپەرەشتیارانی پەروەردەیی ڕێنماییان کەم پێدەگا. ئەوە نیشان دەدا کە ئەو بەشە لە پەروەردە، بەشێکی چالاک نییە و سیستەمی پەروەردە بەهایەکی ئەوتۆ بەوە نادا کە ساڵانە لە بواری پلاندارێژیی زمانییەوە، ڕێنمایی دەربکا و ئەوجار هەوڵ بدا لە ڕێگەی سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی بۆ قوتابخانەکانی بنێرێ، بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێ. ئەوە بە و مانایە دێ کە سیستەمی پەروەردە، لە درێژەی ساڵدا و تەنانەت بە شێوەی ساڵانە، بەرنامەیەکی لە پێناو چاکسازی جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکاندا نییە.

هۆی سەرپەرەشتیاران بۆ وڵامی ئەو پرسیارە، چەند بابەتێک بۆ ئەم توێژینەوەیە ڕوون دەکاتەوە. یەکەم، سیستەمی پەروەردە، ساڵانە لە بارەی چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا، توێژینەوە و خەسارەتناسی ناکا، تا دواتر لە ڕێگەی پسپۆڕانی سەر بەو بابەتە ڕێنمایی بۆ قوتابخانەکان دەر بکا. دوویەم، وەک لە ڕای سەرپەرەشتیاران دەردەکەوێ، کەسانێک کە بۆ ئەم بابەتە تەرخان کراون، شارەزای بابەتەکە نین، گرنگی جەستەی زمانیان هەست پێنەکردووە و باش نازانن پلاندارێژیی زمانی چییە و چۆن لەو بابەتەدا دەبێ کار بکەن و چی بکەن. گەر درکیشیان کردبێ، وەزارەتی پەروەردە مکانیزمێکی وای دانەڕشتووە کە بە شێوەیەکی زانستی و بەردەوام بەڕێوە بچێ. ئەم توێژینەوەیە ڕای وایە کە پێویستە بەشێکی تایبەت بە پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بکرێتەوە، یا گەر هەیە، خەڵکی شارەزای ئەو بابەتەی بۆ دابندرێ. بۆ ئەوەی ساڵانە بتوانێ بە جەستەی زمانی کتێبە وانەییەکاندا بچێتەوە و چاکسازی تێدا ئەنجام بدا. لە پرسیاری چوارەمدا لەوە دەکۆڵدرێتەوە کە داخوا ئەوەندە ڕێنماییەی دەشنێردرێ، بە چ شێوەیەک جێبەجێ دەکرێ.

وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری چوارەم

پرسیاری چوارەم لە سەرپەرشتیار دەپرسێ، داخوا بە چ ڕێژەیەک لە ڕەچاوکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە زمانی کوردی ڕازییە. ڕێژەی وڵامەکان بەو شێوەیەن. ٥٠٪ کەم، ٤٥٪ هیچ و ٥٪ زۆریان هەڵبژاردووە.





ئەو ڕێژەیە نیشان دەدات كە ڕێنماییەكانی وەزارەتی پەروەردە بە شێوەی پێویست كاریان پێناكرێ. كەمایەسی ئەم كارپێنەكردنە كاتێک زیاتر بەرجەستە دەبێتەوە كە ڕێژەی ڕێنماییەكانیش كەمن و سەرەڕای وەش كە كەمن شارەزایانە و پسپۆڕانە نین.

هۆی نارەزایەتی سەرپەرەشتیاران لە ڕێنماییەكانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە زمانی كوردی لەو سێ خاڵەدا پۆلێن دەكرێ. یەكەم، كەمتەرخەمی لە بەدواداچوون بۆ چۆنییەتی زمانی كوردی كتێبە وانەییەكان، دوویەم، نەبوون یا كەمی ڕێنماییەكان و سێیەم ناشارەزایی ئەو كەسانەی كە ئەركی ئەوەیان پێ سپێردراوە كە بە چۆنییەتی زمانی كوردی كتێبە وانەییەكاندا بچنەوە. ئەم سێ خالە پەیوەندیان بە چۆنییەتی جێبەجێ كردنی پلانی زمانی سیستەمی پەروەردەوە هەیە و كاریگەری نەرێنی لە سەر جەستەی زمانی كوردی هەیە. باس كردنی هۆی وڵامی ئەم پرسیارە، لە لایەن سەرپەرەشتیارانەوە، دەری دەخا، كە سیستەمی پەروەدە توێژینەوەیەكی ئەوتۆ لە بارەی ئەو بابەتەدا ناكا و هەر بەو هۆیەش ڕێنماییەكی پێویست بۆ ئەم بابەتە دەرناكا. وەک لە هۆی وڵامی پرسیارەكەش دەردەكەوێ، ئەو كەسانەی كە ئەو كارەیان پێ ئەسپێردراوە، شارەزاییەكی ئەوتۆیان لەوبارەدا نییە. بۆیە دەكرێ بگوترێ، كۆی ئەو كێشەیە، پەیوەندی بە پلانەكانی وەزارەتەوە هەیە. ئەویش دەگەڕێتەوە سەر عەقڵانییەتێک كە ئەم ئیدارە بەڕێوە دەبا. ئەویش ئەوەیە كە پێداویستیی پلانداڕێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا بە باشی هەستی پێنەكراوە و بە باشی نەزانراوە كە بایەخی ئەم بابەتە لە پێناو سەرخستنی ئامانجەكانی پەروەردەیی چەندەیە.

وەسف و لێكدانەوەی پرسیاری پێنجەم

پرسیاری پێنجەم لە سەرپەرەشتیار ئەپرسێ، ئاخۆ مامۆستا كێشەی لە گەڵ زمانی كوردی لە باری ڕێنووس، ڕێزمان و خاڵبەندییەوە هەیە. ڕێژەی وڵامەكان بەو شێوەیەن. ٤٢٪ زۆر، ٢٦٪ كەم، ١٦٪ نەخێر و ١٦٪ یەكجار زۆر.




ئەو پرسیارە ڕادەی كێشەی مامۆستایان لە گەڵ جەستەی زمانی كوردی كتێبە وانەییەكان دەردەخات. وڵامی ئەو پرسیارە نیشان دەدا كە زۆرینەی مامۆستایان هەستیان بە كەموكوورییەكانی جەستەی زمانی كوردی كتێبە وانەییەكان كردووە. ئەوەش دەریدەخا كە كتێبە وانەییەكان بە ڕێژەیەكی زۆر هەڵەی جەستەی زمانیان هەیە. ئەو بەشە لە مامۆستایان كە ڕەخنەیان لە زمانی كوردی كتێبە وانەییەكان نییە، لە گەڵ هەڵەی جەستەی زمانی كتێبە وانەییەكان ڕاهاتوون و بەو جۆرە قبووڵیان كردووە. ئەوەش خۆی تێكدانی مەزاجی مامۆستایە و ڕاهێنانی ئەوە لە سەر هەڵە لە جەستەی زماندا. كە خۆی دەبێتە ڕێچكەیەک كە دواتر هەڵەی تری جەستەی زمانی بەرهەم بێ.

وەسف و لێكدانەوەی پرسیاری شەشەم


پرسیاری شەشەم دەپرسێ، ئاخۆ ڕای بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایانیان سەبارەت بە زمانی كوردی بە سەرپەرەشتیاران دەگا. ڕێژەی وڵامەكان بەو شێوەیەیە. نەخێر ٦٧٪ و كەم ٣٣٪. هۆی جۆری وڵامەكانیشیان بەو شێوەیەیە. وڵامی ئەو پرسیارە، ئاكامی پرسیارەكانی تری ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بە چۆنییەتی هەڵسوكەوتی مامۆستایان و بەڕێوەبەران لە گەڵ

زمانی کوردی پشت ڕاست دەکاتەوە. واتە ئەوان سەرەڕای وەی هەست بە گیروگرفتی جەستە و پێگە و فێرکاری زمانی کوردی دەکەن، بەڵام ڕای خۆیان بەشێوەی نووسراو بەرز ناکەنەوە و ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە سەرپەرەشتیاران، زۆر ئاگاداری ڕای ئەوان لە بارەی چۆنییەتی جەستەی زمانی کوردیی کتێبە وانەییەکان نەبن. هۆی ئەو کەمتەرخەمییە زیاتر لەوەی هۆی زمانەوانی هەبێت، هۆی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەیە. بە جۆرێک کە ڕێژەی هەستیاری مەمۆستا و بەڕێوەبەر و دایکان و باوکان بەو ڕادەیە نەگەیشتووە کە بە مکوڕی لە بارەی جەستەی زمانی کوردی کتێبەوانەییەکان ڕای خۆیان دەرببڕن و بۆ سەرووی خۆیانی بگوازنەوە.

ناشارەزایی، بێ ئەنجامی، نەبوونی پەیوەندی، خەمساردی و بەها نەدان بە ڕای مامۆستایان و بەڕێوەبەران، کۆمەڵێک هۆی ترن کە بەڕای سەرپەرەشتیاران وایان کردووە کە مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی پەروەردەیی ڕای خۆیان لە بارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بۆ سەرپەرەشتیاران نەنووسن. ئەو هۆیانە دەریدەخەن کە یەکەم، سیستەمی پەروەردە نەیتوانیوە بوارێکی وا برەخسێنێ کە لەودا مامۆستا و بەڕێوەبەری شارەزا پەروەردە بێ، کە زانیاری پێویستی لە بارەی ئەو بابەتانەدا هەبێ کە پەیوەندیان بە پلاندارێژیی زمانییەوە هەیە بۆ ئەوەی ڕای خۆیان لە بارەی ئەو بابەتە دەرببڕن، دوویەم، ئەگەر مامۆستا و بەڕێوەبەران، تەنانەت زانیاریشیان هەبێ، بە هۆی بێ ئەنجام مانەوەی ڕای ئەوان، زۆر خۆیان بەو بابەتەوە ماندوو ناکەن. واتە بەو هۆیە ئەوان بەشێک نین لە پرۆسەی چاکسازی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا. سێیەم پەیوەندی سەرپەرەشتیاران لە گەڵ مامۆستایان و بەڕێوەبەران لاوازە، بە جۆرێک کە ڕای وان لە بارەی پلاندارێژیی زمانی بە سەرپەرەشتیاران ناگا. چوارەمێش ئەوەیە کە ئەم هۆشیاری و دڵسۆزییە لە لایەن مامۆستا و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکاندا بە ڕادەیەک نییە کە ببێتە هۆی وەی کە ئەوان ڕای خۆیان بە شێوەی نووسراو لە بارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بە سەرپەرەشتیاران بگەیەنێن تا لە ڕێگەی ئەوانەوە بگاتە دەستی سیستەمی پەروەردە و دواتر بەدواداچوون بۆ ڕای خۆیان بکەن، بۆ ئەوەی سیستەمی پەروەردە چاکسازی لەو بارەدا بکا. لە درێژەی ئەم باسەدا، ورد بوونەوە لە چۆنییەتی ڕای مامۆستایان و بەڕێوەبەران باشتر ئەم توێژینەوەیە دەگەیێنێتە ئامانجەکانی.

وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری حەوتەم

پرسیاری حەوتەم لە سەرپەرشتیار دەپرسێ، کە ئاخۆ ڕای مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی پێ باشە. ڕێژەی وڵامەکان بەو شێوەیەن. کەم ٥٨٪، زۆر ٢٥٪، نەخێر ٩٪ و یەکجار زۆر ٨٪.




وەک لە وڵامەکانی پێشتردا بۆ ئەم توێژینەوەیە دەرکەوت، ڕێژەیەکی کەم لە مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکان، ڕای خۆیان بە شێوەی نووسراو بە سەرەپەرەشتیارانی پەروەردەیی دەگەیێنن. ڕای سەرپەرەشتیاران بە نیسبەت چۆنییەتی ئەوەندە ڕایەش نیشان دەدا کە زۆرینەی ئەم بیروڕایانە یا کەم باشن یا ئەوەیە کە باش نین. لەو بارەیەوە پێشتر قسەمان کرد. ئەوەی لێرەدا ئەو توێژینەوەیە دەیەوێ سەرنجی پێ بدا ئەو ڕێژەیە لە ڕای مامۆستایان و بەڕێوەبەرانە کە سەرپەرشتیاران پێیان باشە.


ئەگەر سەرپەرەشتیاران بەها بەو ٣٣٪ بدەن کە بیروڕایەکی وردیان لە سەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان هەیە، سیستەمی پەروەردە دەتوانێ پشتیان پێ ببەستێ و لە رووی ئەوان لە چۆنییەتی پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردە بگا و بیانکاتە بەشێک لە دەسمایەی پێداچوونەوە و چاکسازی لە زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا. هەروەها ئەو ڕێژەیە نیشان دەدا کە بەشێک لە مامۆستایان و بەڕێوەبەران بە شێوەیەکی شارەزایانە و کاریگەر بیروڕای خۆیان لەوبارەوە دەردەبڕن. ئەوە هەرچەند ڕێژەیەکی کەمیش دەگرێتەوە، بەڵام هەستیاری بەشێک لەو چینە پێشان دەدا و جێگەی بەها پێ بەخشێن و قەدر لێنانە.

ڕازی نەبوونی سەرپەرەشتیاران لە ڕای بەرێوەبەران و مامۆستایان چەندین هۆی جیاوازی هەیە. یەکەم، مامۆستایان و بەڕێوەبەران بە شێوەی نووسراو، ڕای خۆیان لە بارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بە سەرپەرەشتیاران نادەن، یا زۆر کەم ئەو کارە دەکەن. واتە، ڕێژەی کەمی نووسینی بیروڕای ئەوان بۆتە هۆی نارەزایەتی سەرپەرەشتیاران و هۆیەکەشی بۆ کەمەتەرخەمی و ناشارەزایی ئەوان، لە بارەی زمانی کوردیدا دەگەڕێننەوە. ئەو هۆیە نیشان دەدا کە هوشیاری زمانی مامۆستایان و بەڕێوەبەران کەمە

و، ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کاریگەری نەرێنی لە سەر پلاندارێژیی زمانی لە سیستەمی پەروەردە دابنێ. لە لێکدانەوەی هۆی ڕەزامەندی بەشێک لە سەرپەرەشتیاران دەردەکەوێ کە هۆشیاری زمانی و زانیاری لە بارەی زماندا، دەورێکی گرنگی لە نووسینی بیروڕای مامۆستایان و بەرێوەبەراندا هەیە. ئەوەش بابەتێکە کە کاریگەری لە سەر ڕەزایەتی سەرپەرەشتیاران داناوە و لەوانەیە تاڕادەیەک ببێتە هۆی چاکسازی لە بابەتەکانی سەر بە پلاندارێژیی جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا.

وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری هەشتەم

لە پرسیاری هەشتەمدا لە سەرپەرشتیار پرسیار کراوە کە داخوا ڕای مامۆستایان و بەڕێوەبەران کاریگەری لە سەر پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. ڕێژەی وەڵامەکان بریتین لە، کەم ٤٢٪، زۆر ٣٣٪، یەکجار زۆر ١٧٪ و نەخێر ٨٪.




ئەو ڕێژەیە نیشان دەدا کە سەرەڕای وەی مامۆستایان کەمتر ڕای خۆیان لە بارەی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دەردەبڕن، بەڵام تا ڕادەیەک کاریگەریان لە سەر پلاندارێژیی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. بۆیە ئەگەر مامۆستایان زیاتر لەوبارەدا بنووسن و سیستەمی پەروەردە زیاتر بەها بە ڕای ئەوان بدا، دەتوانن کاریگەری زیاتریان لە سەر چاکسازی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەبێ.


ئەو سەرپەرەشتیارانەی پێیان وایە کە ڕای مامۆستایان کاریگەری کەمی لە سەر پلاندارێژیی زمانی هەیە، هۆیەکەی بۆ دوو شت دەگەڕێننەوە. یەکەم ئەوەیکە کەسانێک لە سەرووی مامۆستایانەوە بڕیار لەو بابەتە دەدەن و دوویەمیش، ڕای مامۆستایان پسپۆڕانە نییە و هەروەها بەدواداچوون بۆ ڕای خۆیان ناکەن. ڕەخنەیەکی کە لەو بۆچوونانە دەگیرێ ئەوەیە، کە بەشێک لە سەرپەرەشتیاران ئەوەیان درک نەکردووە، کە مامۆستا دەتوانێ پێشنیار بکا نەک ئەوەی بڕیار بدا. دوویەمیش، ئەوەی دەبێ بەدواداچوون بۆ سەرەنج و تێبینی مامۆستایان بکا، خودی سەرپەرەشتیاران و سیستەمی پەروەردەیە، نەک ئەو مامۆستایەی کە ئەنجامێک بۆ ڕەخنە و پێشنیارەکانی نابینێ. چونکە ئەم بێ ئەنجامییە لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی مامۆستا ناهۆمێد بێ و بە شێوەی پێویست سەری خۆی لە گەڵ جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نەیەشێنێ.

ئەو ڕێژەیە لە سەرپەرەشتیاران کە پێیان وایە ڕای مامۆستایان کاریگەری لە سەر پلاندارێژیی زمانی کوردی هەیە، هۆی کاریگەری ڕای مامۆستایان بۆ ئەوە دەگەڕێننەوە کە ڕۆژانە سەروکاریان لە گەڵ زمانی کوردی هەیە و شارەزای بابەتەکەن. ئەوە نیشان دەدا کە سەرەڕای ئەو کەموکووڕییانەی باسکران، مامۆستا، تا ڕادەیەک، دەتوانێ کاریگەری لە سەر پلاندارێژیی جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان یا جۆری کارپێکردن بە جەستەی ئەو زمانە لە سیستەمی پەرەوەردەدا هەبێ. واتە جۆری کار پێکردن بە جەستەی زمانی کوردی، بەشێکی پەیوەندی بە جۆری بەرەوڕووبوونەوەی مامۆستایان لە گەڵ ئەو زمانە هەیە.


بەشێک لە سەرپەرەشتیاران پێیان وایە کە وەزارەتی پەروەردە خەبیری خۆی هەیە و هەر بەو هۆیە، ڕای مامۆستایان کاریگەری لە سەر چۆنییەتی زمانی کوردی نییە. ئەو توێژینەوەیە پێی وایە کە ئەم بیرۆکەیە بەرهەمی ڕوانین لە سەرەوە بۆ خوارەوەیە. ئەم جۆرە بیر کردنەوەیە و ئەم جۆرە تێڕوانینە و بەهانەدان بە ڕای مامۆستایان، دەبێتە هۆی وەی کە مامۆستایان لە پرۆسەی چاکسازی زمانی کوردی دەرهاوێژرێن. ئەوە لە کاتێکدایە کە بە هۆی وەی زمان بە شێوەیەکی هەمیشەیی لە حالی بە ستاندارد بووندایە، مامۆستا وەک کەسێکی بە کار هێنەری ئەو زمانە، دەتوانێ دەورێکی چالاکی لەو بابەتەدا هەبێ و بە هێند وەرگرتنی ڕای مامۆستایان دەتوانێ ئەوان لەو بوارەدا چالاک بکا. بۆیە ڕێژەی هەناردەکردنی ڕای مامۆستایان بۆ وەزارەتی پەروەردە لە لایەن سەرپەرەشتیارانەوە، بابەتێکی ترە کە ئەو توێژینەوەیە پرسیاری لە بارەدا کردووە.

وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری نۆهەم

پرسیاری نۆهەم دەیەوێ بزانێ کە تێبینی مامۆستایان بۆ وەزارەتی پەروەردە دەنێردرێ. ڕێژەی وڵامەکان بەو شێوەیەیە. ٪٧٢ بەڵێ و ٪٢٨ نەخێر.




لە درێژەی پرسیارەکەدا داوا کراوە کە ئەگەر وڵامی پرسیاری نۆهەم بەڵێیە، ئاخۆ ناردنی بیر و ڕای مامۆستا بە چ ڕادەیەک کاریگەری لە سەر جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بووە. ڕێژەی وڵامەکان بریتییە لە، کەم ٪٥٧، نەخێر ٪٢٩ و زۆر ٪١٤.





وەک لە وڵامی ئەو پرسیارە دەردەکەوێ، هەرچەند مامۆستایان کەمتر ڕای خۆیان بە نووسراو بۆ سەرپەرەشتیاران دەنووسن، بەڵام سەرپەرەشتیاران بە ڕێژەیەکی زۆر، ڕای ئەوان بۆ وەزارەتی پەروەردە دەنێرن. بەڵام وەک لە درێژەی وڵامی ئەم پرسیارە دەردەکەوێ، ڕادەی کاریگەری ڕای مامۆستایان لە سەر چۆنییەتی زمانی کوردی کەمە. چونکە یەکەم، ڕێژەی ئەو مامۆستایانەی کە ڕای خۆیان بە شێوەی نووسراو بە سەرپەرەشتیاران دەدەن کەمن و دوویەم، بەهایەکی ئەوتۆ بە ڕای ئەوان نادرێ. ئەوە نیشان دەدا کە مامۆستایان لە چاکسازی زمانی کوردیدا کە لایەنی پلاندارِێژیی زمانی دەگرێتەوە، کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە.

شارەزا نەبوون، بوونی ڕووتینیاتی ئیداری و بەهانەدان بە ڕای سەرپەرەشتیاران و مامۆستایان، سێ بابەتن کە ئاکامی تێبینی مامۆستایان لە سەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بێ ئەنجام دەکەن. کەواتە پێویستە بۆ ئەوەی چاکسازی لە پلاندارِێژیی زمانی کوردی بە ئەنجام بگا، بارودۆخی ئیداری چاک بکرێ، مامۆستایان زیاتر خەم لە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بخۆن، سیستەمی پەروەردە زیاتر بەها بە بیروڕای مامۆستایان لەوبارەدا بدا و کەسانی پسپۆڕ و شارەزا چاوەدێری جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بکەن.

وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری دەیەم

پرسیاری دەیەم ویستوویە بزانێت کە ئاخۆ ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە بۆ زمانی کوردی بە چ ڕادەیەک کاریان پێدەکرێ. ڕێژەی وڵامەکان بەو شێوەیەیە. کەم ٪٦٦، هیچ ٪١٨ و زۆر ٪١٦.




چۆنییەتی جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە، نیشان دەدا کە تا چ ڕادەیەک وەزارەت، لە ڕێگەی سەرپەرەشتیارانەوە کاریگەری لە سەر ڕەوتی کاریگەری دانان لە سەر جەستەی زمانی کوردی لە سیستەمی پەروەردەدا هەیە. بە پێی پێناسەکەی کووپر پلاندارێژیی زمانی ئەو کاریگەرییە دەستانقەستانەن کە حکوومەت لە سەر زمان دایدەنێ. پەروەردە شوێنێکی گرنگە بۆ کاریگەری دانان لە سەر زمان و بەشێک لە کەرەسەی ئەم کارەش ئەم ڕێنماییانەن کە ساڵانە لە لایەن وەزارەتەوە دەردەچن و لە قوتابخانەکاندا بەڕێوە دەچن. ئەو ڕێژەیەی کە لە ڕادەی کار پێکردنی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە دەردەکەوێ نیشان دەدا کە کاریگەری سیستەمی پەروەردە لە سەر زمانی کوردی چەندەیە. دیارە کۆی کاریگەری سیستەمی پەروەردە تەنیا بەو پێوەرە هەڵناسەنگێندرێ و بابەتیری وەک بەشی پرۆگرامەکان هەیە کە سالانە کاریگەری لە سەر زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان دادەنێن، بەڵام ئەو ڕێنماییانە و جۆری جێبەجێ کردنیان بەشێکن لە ڕەوتی کاریگەری دانان لە سەر جەستەی زمانی کوردی.

بۆ ورد بوونەوەی زیاتر لەو بابەتە پرسیار لە سەرپەرەشتیاران کراوە کە داخوا هۆی وڵامەکانیان چییە. ئەوەی لە هۆی وڵامی ئەو پرسیارە دەردەکەوێ هەمان ئەو خاڵانەن کە پێشتر لە وڵام و هۆی وڵامەکانی پێشوودا دەستمان کەوتوون. واتە، لاواز بوونی ڕێنماییەکان، کار پێنەکردن بە ڕێنماییەکان، کەمتەرخەمی بەرپرسانی ئەو بابەتە و لاوازی بەڕێوەچوونی کار و باری ئیداری، کە بەیەکەوە دەبنە بەشێک لە هۆی لاوازی پلاندارێژیی جەستەی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا.

وەسف و لێکدانەوەی پرسیاری یازدەهەم

لە پرسیاری کۆتاییدا داوا لە سەرپەرەشتیار کراوە کە ئەگەر لە دەرەوەی پرسیارەکان، تێبینییەکی لە سەر جەستەی زمانی کوردی لە قوتابخانەدا هەیە بینووسێ. لێکدانەوەی تێبینی سەرپەرەشتیاران بەو شێوەیەی خوارەوەیە.

تێبینی سەرپەرەشتیاران لە ناو لقەکانی پلاندارێژیی زمانیدا، واتە پێگە، جەستە و فێرکاری زمانی کوردیدا پۆلدەکرێن. یەکەم، ئەوەی کە زمانی کوردی سادەتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی قوتابی لە بابەتەکان ئاسان بێتەوە و بەو شێوەیە پێگەی زمانەکە بەرز ببێتەوە. چۆنکە ڕادەی تێگەیشتنی قوتابی لە دەقەکان دەبێتە هۆی هۆگری زیاتری قوتابی و مامۆستا بە زمانی کوردی و پێگەی زمانەکە، لای ئەوان بەرزتر دەبێتەوە. دوویەم، لێهاتوویی مامۆستا و شارەزایی ئەوان کە لایەنی فێرکاری دەگرێتەوە و یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی پلاندارێژیی زمانییە. سێیەم بابەتێک کە سەرپەرەشتیاران زەختی لێدەکەنەوە، جۆری کار پێکردن بە شێوەزارە جۆراوجۆرەکانی کوردییە. ئەوان پێیان وایە کە پێویستە لە شێوەزارێک کەڵک وەربگیرێ کە قوتابی و مامۆستا لێی شارەزاترن. بۆ ئەوەی تێگەیشتن و کارپێکردنی بۆ قوتابی و مامۆستا ئاسانتر بێ. ئەو بەشە لە ڕای سەرپەرەشتیاران نیشان دەدا کە فرە شێوەزاری لە قوتابخانەکاندا دەبێتە هۆی لاواز بوونی کاری پەروەردەیی و پێویستە بۆ سەرکەوتنی زیاتری کاری پەروەردەیی، مەسەلەی کارکردن بە شیوەزارە جیاوازەکان یەکلابکرێتەوە. چوارەم، بەشێک لە تێبینی سەرپەرەشتیاران پەیوەندی بە جەستەی زمانەوە هەیە پێیان وایە کە پێویستە کەسانی شارەزا پێداچوونەوە بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکاندا بکەنەوە. ئەوە نیشان دەدا کە جەستەی زمان بە لای ئەوانەوە هەڵەی تێدایە و پێویستی بە چاکسازی هەیە. پێنجەم، بە هەند وەرگرتنی لێژنەکانە. ئەو بەشە نیشان دەدا کە کۆبوونەوەی لێژنەکان لە سەر بابەتەکانی سەر بە پلاندارێژیی زمانی کەمن و هەروەها بەهای پێویست بە ڕای وان لە بارەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان نادرێ. ئەو توێژینەوەیە لای وایە کە ئەگەر سیستەمی پەروەردە بیەوێ چاکسازی لە زمانی کوردی دا بکا و دواتر ئەو چاکسازیانە لە ڕێگەی سەرپەرەشتیارانەوە بە ئەنجام بگەیێنێ، پێویستە بەهای زیاتر بە ڕای ئەوان بدا. بە جۆرێک کە

ئەوان هەست بکەن بەشێکن لە ڕەوتی چاکسازییەکە و بەو جۆرە زیاتر هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن و باشتر ئەرکی سەرپەرەشتیاری خۆیان بەڕێوە دەبەن.

لە کۆتاییدا، وەک فیلێپسێن باسی دەکا (٢٠٠٨،ل.١٢٢) ئەگەر یەکێک لە ئەرکەکانی پلاندارێژیی زمانی ئەوە بێ، کە هۆی کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی و زمانەوانی کێشەکانی زمان بدۆزیتەوە و چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەو توێژینەوەکە، لە ڕوانگەی سەرپەرەشتیارانی پەروەردەییەوە، دەستی خستۆتە سەر کێشەکانی سەر بە پلاندارێژیی زمانی و لە قەدەر توانای خۆی، باسی کردوون و لێکیداونەتەوە و رەخنەی لێگرتوون. پێشی وایە کە چاکسازی لەو بارانەدا کە ڕەخنەی لێگرتوون، دەتوانێ چارەسەری بەشێک لە گرفتەکانی زمانی کوردی لە قوتابخانەکاندا بکا و ببێتە هۆی سەرکەوتنی زیاتری پلاندارێژی و سیاسەتی زمانی لە سیستەمی پەروەردەدا.

ئەنجام

پلاندارێژیی جەستەی زمانی یەکێک لە لقە سەرەکییەکانی پلاندارێژیی زمانییە و لایەنی ڕێنووس، دارشتن، وشە، واتا و خاڵبەندی دەگرێتەوە. چۆنییەتی ئەم بابەتە لە سیستەمی پەروەردەدا، سەرەتا پەیوەندی بە جۆری سیاسەتی زمانی حکوومەت و ئەو پلانانە هەیە کە بۆ جەستەی زمانی دادەڕێژرێ و دواتر دایکان و باوکان و مامۆستایان و سەرپەرەشتیاران بەشێکی تر لەو لایەنانەن کە لە سەر چۆنایەتی و چەندایەتی پلاندارێژیی جەستەی زمانی کوردی کاریگەری دادەنێن. سیستەمی پەروەردە شوێنێکی گرنگی بەڕێوەچوونی پلانی جەستەی زمانییە و سەرپەرەشتیارانی پەروەردەیی دەورێکی گرنگ لە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ئەم پلانەدا دەبینن. ئەم توێژینەوەە بۆ وردبوونەوە لە چۆنییەتی پلانی جەستەی زمانی، ڕای سەرپەرەشتیارانی پەروەردەیی لەو بارەیەدا وەرگرتووە و لێکی داونەتەوە و لە ئاکامدا بەو ئەنجامانە گەیشتووە. یەکەم، جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان بە ڕێژەیەکی زۆر هەڵەی تێدایە بە ڕادەیەک کە زۆرینەی سەرپەرەشتیاران لێی ناڕازین. دوویەم، سەرپەرەشتیارانی پەروەردەیی لە ڕێژەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی پەروەردە سەبارەت بە جەستەی زمانی کوردی کتێبە وانەییەکان ڕازی نین. سێیەم، ئەوەندە ڕێنماییە کەمەی کە هەشە لە قوتابخانەکاندا کاری پێناکرێ. چوارەم، ڕای قوتابی و مامۆستا و دایکانوباوکان بە سەرپەرەشتیاران ناگا، ئەوەندەی کە پێشیان دەگا لاوازە و تەنانەت، ئەو ڕێژە لە پێشنیارانەی کە بە سوودن، یا بۆ وەزارەت ڕەوانە ناکرێن و یا ئەگەر ڕەوانەش بکرێن، ئەنجامێکی ئەوتۆیان نییە. پێنجەم، پەیوەندی نێوان پێکهاتەکانی سیستەمی پەروەردە نادێمۆکراتیکە و شەشەم، سیستەمی پەروەردە بەرانبەر بە جەستەی زمانی کوردی کەمتەرخەمە و بەهای پێویستی بە پلاندارێژیی جەستەی زمانی کوردی نەداوە.

**سەرچاوەکان:**


کوردی:

جان کاڵفی، لویس (٢٠١٢) شەڕی زمانی و سیاسەتی زمانی، وەرگێڕانی بەهائەدین جەلال، هەولێر

شاکەلی، فەرهاد (٢٠١١) زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا، هەولێر، چاپخانەی ئاراس

ناوخۆش، سەلام (٢٠١٠)، ستاندەربوونی زمانی کوردی لە نێوان زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان، چاپی یەکەم، هەولێر

فارسی:

داوری اردکانی، نگار (١٣٩٠)، برنامەریزی زبان فارسی، نشر ساقی، تهران

داوری اردکانی، نگار (١٣٩١) درآمدی بر حوضه مطالعاتی برنامەریزی زبان، نشر ساقی، تهران

داوری اردکانی، نگار، آذردخت جلیلیان (١٣٩٢) جامعه شناسی زبان، جامعه شناسان، تهران

ژوسف، جان (١٣٩٥) زبان و سیاست، ترجمه مصطفی شهیدی تبار، تهران، انتشارات دانشگاه امام صادق

سامارین، ویلیام (١٣٨٧) زبانشناسی علمی، ترجمه لطیف عطاری، انتشارات زبانکده، تهران

سپالسکی، برنارد (١٣٩١) سیاست زبانی، ترجمه: سید مهدی عرفانی، حسین داوری و ابوطالب ایرانمهر، گرگان، انتشارات نوروزی

فیلیپسن، ڕابرت (١٣٩٥) امپراتوری زبانی، ترجمەی فاطمه مدرسی، ابراهیم ملکی و یاسر رحمتی، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، تهران

وارداف، ڕۆناڵد (١٣٩٣) درآمدی بر جامعه شناسی زبان، ترجمەی رضا امینی، تهران، بوی کاغذ

سمینار:

ئەمیر حەسەنپوور(سمینار، ١٩٩٢)

لێدوانی میدیایی:

سامان سوهەیلی، ڕادیۆ ڕووداو ٢٠١٧/٥/٢

**Corpus planning in Kurdistan Regional Government's public education from the perspective of supervisors**
**(the case of Erbil)**

**Saad Abdolrazzaq Qazi**
College of language - Department of Kurdish / Salahadin University-Erbil

**Abstract**

How to deal with the uncertainty of the Kurdish language in Kurdistan's education is the question of this research work. This study sought to discover the importance of planning the language corpus, identifying the weaknesses of corpus planning and their causes. Trying to determine who is responsible for it, the importance of language reform and how it can be done. To this end, four Kurdish education monitors completed questionnaires about the language corpus of Kurdish. The purpose of language corpus is design, grammar, spelling, wordplay and textbook punctuation. The remainder of this article is a theoretical study of the education supervisors, who assisted with this study by examining the specimens and answering the questionnaire. Written surveys were used to collect samples. After that, the table included was compiled, examined and analyzed critically. This article concludes that the development of the Kurdish language program in the Kurdistan region's education is poor and needs to be revised. This article consists of five parts, which include an introduction, a review of the education supervisor's perspectives, and a thesis on language planning and curriculum development, a sample analysis and conclusion.

**Keywords:** Language, Language Programming, Language Configuration, Education, Education Supervisors.

**اللغة الكردية في نظام التربية و التعليم في اقليم كردستان العراق**
**دراسة ميدانية تعالج قضية التخطيط الهيكلي**

**سعد عبدالرزاق قاضى**
قسم اللغة الكردية، جامعة صلاح الدين - اربيل

**ملخص**

هذه الدراسة تعالج قضية التخطيط الهيكلي ( corpus planning ) للغة الكردية في نظام التربية و التعليم في اقليم كوردستان العراق. التخطيط الهيكلي للغة يشمل التصميم، القواعد، الاملاء، الكلمات و الترقيم المستخدم في الكتب الدراسية. يهدف باحث هذه الدراسة القاء الضوء على اهمية التخطيط الهيكلي للغة و نقاط ضعف هذا التخطيط و اسباب هذا الضعف، كذلك الكشف عن الاشخاص المسؤولين عن هذا التخطيط و تبيين اهمية و طريقة اصلاحه. و لتحقيق هذا الهدف تم اجراء استطلاع خمسة عشر سؤالا لاربعة عشر من المشرفي التربية و التعليم. و كذلك مناقشة نظريات علماء اللغة يشكل القسم النظري في هذا المقال. ثم معالجة العينات بواسطة توصيفها اولا و من ثم شرحها عن طريق الرسوم البيانية، اما في النهاية فتحليلها انتقاديا. و في الختام يستنتج هذا المقال ان التخطيط الهيكلي للغة الكردية في نظام التربية و التعليم في اقليم كردستان العراق يحتوي على نقاط ضعف و يحتاج الى اصلاحها و اعادة نظر فيها.

**الكلمات الدالة:** اللغة ، التخطيط اللغوي ، هيكل اللغة ، نظام التربية و التعليم ، مشرفي التربية و التعليم.